# یاسای هەڵوەشاندنەوەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣٣**
**رۆژی بڕیار: ١٩٩٧/١١/٢٦**

**«بڕیار»**

بە پێی حوکمەکانی برگە «١»ی ماددە «٥٦» لە یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢داو لەسەر بەرچاوخستنی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ١٩٩٧/١١/٢٥ی دا ئەم یاسایەی دەرهێنا:

## یاسای ژمارە «٨»ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای هەڵوەشاندنەوەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە «١٩»ی ساڵی ١٩٩٣

**ماددەی یەکەم:**

یاسای ژمارە «١٩»ی ساڵی ١٩٩٣ «یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم» هەڵدەوەشێندرێتەوە (لەغو دەکرێت).

**ماددەی دووەم:**

ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی سێیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی هاودژی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێ.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**